بەخشەر و وەرگر واژووی دەکەن، ئەگەر بیٚ ئاگا نەبیٚت یان لە لایەن جیٚگرەوەی، یان نویٚنەرە یاساییەکەی.

**ماددەی (9):**

**یەکەم:** دەکریٚت بۆ زەرورەتیٚکی پیٚویست بۆ پاریٚزگاری کردن لە ژیانی مرۆڤیٚکی زیندوو یان چارەسەرکردنی لە نەخۆشیەکی کوشندە، یان تەواوکردنی کەم بوونیٚکی ژینەوەری لە جەستەیدا ئەندامیٚك یان بەشیٚك لە ئەندام، یان شانەیەکی جەستەی مرۆڤیٚکی مردووی تیٚدا بچیٚندریٚت، ئەگەر مردووەکە بەر لە مردنی وەسیەتی ئەم کارەی کردبیٚ، بە وەسیەتنامەیەکی بەلٚگەدار یان جیٚگیرکراو لەسەر هەر پەڕیٚکی فەرمی یان دانی پیٚدا نابیٚ بەپیٚی ئەو ڕیٚکارانەی کە پەیڕەو و ڕیٚنماییە دەرکراوەکان بە گویٚرەی ئەم یاسایە دیاری دەکات.

**دووەم:** دەکریٚ گواستنەوە بکریٚت لە ئەندامانی جەستەی تازە مردوو (المتوفى حديثاً) بە مەبەستی چارەسەرکردن یان بە مەبەستی زانستی بە مەرجی بەدەستهیٚنانی ڕەزامەندی نزیکترین کەسەکانی تا پلە چوار، لە هەموو حالٚەتەکان دەبیٚ ڕەزامەندیەکە بە نووسراو بیٚ و بە پیٚی ئەو مەرجانەی خوارەوە:

أ- نابیٚ کەسی مردوو لە ژیانی خۆی وەسیەتی کردبیٚ کە لە دوای مردنی هیچ ئەندامیٚکی جەستەی خۆی ببەخشیٚ ئەمەش دەبیٚ بە پیٚی نووسراویٚك کە دوو کەسی شیاو لەڕووی یاساییەوە شاهیدیان لەسەر دابیٚ.

ب - لیٚکۆلٚینەوە بکریٚ بۆ مردنەکەی، بەشیٚوەیەکی یەکلایی کەرەوە بە پیٚی لیژنەیەکی پیٚکهاتوو بۆ ئەو مەبەستە.

**سیٚیەم:** نابیٚ ڕیشەکیٚش کردن لەجەستەی مردوو ئەنجام بدریٚ مەگەر بە مۆلٚەتی دادوەری لیٚکۆلٚینەوەی تایبەتمەندەوە بیٚ ئەگەر مردنەکە بابەت بیٚ بۆ لیٚکۆلٚینەوەی تاوانکاری.

**چوارەم:** وەسیەتکار بە یەکیٚك لە ئەندامەکانی، بۆی هەیە لە وەسیەت نامەکەی پاشگەز بیٚتەوە.

## بەشی سیٚیەم

## پرۆگرامی بەخشینی ئەندامە مرۆییەکان و چاندنیان

**ماددەی (10):**

**یەکەم:** لیژنەیەکی بالاٚ بەسەرۆکایەتی وەزیر بەناوی لیژنەی بالاٚی بەخشین و چاندنی ئەندامە مرۆییەکان پیٚك دەهیٚندریٚ سەر بەوەزارەتی تەندروستی دەبیٚ.

**دووەم:** لیژنەکە بەڕیٚوەبردن و ڕیٚکخستنی نەشتەرگەریەکانی چاندنی ئەندامەکان و بەشەکانی و شانەکان و دیاری کردنی ئەو دامەزراوانەی مۆلٚەت دەدریٚن بە چاندن و هەروەها سەرپەرشتی و چاودیٚری کردن لەسەریان بە پیٚی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پەیڕەو ڕیٚنماییەکان لە ئەستۆ دەگریٚت.

**ماددەی (29):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**ماددەی (30):**

**یەکەم**: پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**دووەم**: پێویستە لەسەر وەزیر لە ڕێگای لیژنە ڕێنمایی تایبەت بە کارو بەرپرسیاریەتی و هیکەلیەتی پرۆگرامی بەخشین و چاندنی ئەندامەکان دەربکات.

**ماددەی (31):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو ڕێکخستنی بەخشین لە کۆمەڵگەدا و بەرجەستە کردنی بەهاکانی مرۆڤایەتی و قوربانیدان و بەخشندەیی و میهرەبانی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و یارمەتیدانی کەسانی دیکە و دەربازکردنی ژیانیان، ئەو یاسایە دەرچوێندرا.

**بێگەرد دلشاد شکرالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان - عیراق**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عیراق**

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عیراق**